# تورکیا و ئەمریکا بەرەو قەیرانێکی دیکە دەڕۆن



هەفتەی رابردوو وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا هۆشداری دایە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنکارە کە دەست لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەرنەدات. ماڵپەڕی رۆژنامەی زەمانی تورکی بڵاوی کردۆتەوە کە وەزیری دەرەوەی تورکیا سەبارەت بە لێدوانەکانی جیمز جێفری باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنکارە سەبارەت بە کێشە سیاسیە ناوخۆیەکانی تورکیا گوتویەتی کە دەبێ جیفری خۆی لە رادەربڕین سەبارەت بە رەوشی ناوخۆی تورکیا بپارێزێ. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا جەختی کردۆتەوە کە جیفری لە دیداری رۆژنامەی سەباح دا رێسا دیبلۆماسیەکانی لەژێرپێ ناوەو دەستی لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەرداوە.

جێی ئاماژەیە کە باڵیۆزی ئەمریکا بە رۆژنامەی سەباحی گوتبوو رۆڵی سوپای تورکیا لە کاروباری سیاسی بەهێزە و ئەگەری کودێتای سەربازی لەئارادایە، هەروەها ئاماژەی بە دۆسیێ ئەرگەنەکۆن دابوو.

راستیەکەی پەیوەندی نێوان ئەمریکاو تورکیا کاتێ رووی لە ئاڵۆزی کرد کە رۆژی ٢٠٠٧/١٠/١١ لیژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا پرۆژە بریاری کوشتنی ئەرمەنیەکانی بە دەستی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی یەکەمین جەنگی جیهاندا پەسەند کرد و بە قڕکردن(ژینوساید) وەسف کرد بوو، هەر ئەوکاتە حکومەتی تورکیا باڵیۆزی خۆی لە ئەمریکا بانگهێشت کردەوە. هەر ئەوکاتە تورکیا هوشداری دایە ئەمریکاو رایگەیاند کە ئەگەر کۆنگرێس دەنگ بۆ ئەم بریارە بدات و پەسەندی بکات ئەوە گرژی و ئاڵۆزی لە پێوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا دێتە ئاراوە. بۆیە جۆرج بوسش سەرکۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا هوشداری دابوو بە ئەنجومەنی نوێبەران و داوای لێکردبوون کە دەنگ لە سەر ئەو دەقە نەدرێ، نەوەک پێوەندی مێژوویی نێوان تورکیا و ئەمریکا بەرەو ئاڵۆزی بڕوات. جۆرج بووش گوتبووی کە تێکچوونی پێوەندی لەگەڵ تورکیا کاریگەری لە سەر چۆنێتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ بەرنگار بوونەوەی تیروریزم دەبێ و ئەمریکاش تێیدا زەرەرمەند دەبێ، بەڵام لیژنەی کاروباری دەرەوە لە کۆنگرێس بە کۆی ٢٧ دەنگی ڕازی بەرانبەر بە ٢١ دەنگی ناڕازی دەقەکەی پەسەند کردو گوێی لەو خواستە نەگرت.

لەلایەکی دیکەشەوە رۆژی ٢ۆی ئایاری٢٠٠٩ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەراپۆرتێکی خۆیدا ئاماژەی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیا دابوو، رایگەیاندبوو کە ئەشکەنجە و لێدان لە تورکیا بەردەوامە کێشەی چاودێری و گرتن درێژەی هەیە. هەروەها راپۆرتەکە ئاماژەی بە بەرتەسک کردنەوەی ئازادی رادەربڕین دابوو، ئیتر جارێکی دیکە گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان تورکیاو ئەمریکا سەری هەڵدایەوە.

جێی ئاماژەیە کە لەسەرەتای ئەم مانگەدا، پێشنیاربڕیاری کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئامریکاوە بە٢٤ دەنگی ئەرێ لەبەرانبەر ٢٢ دەنگی نەخێر، پەسندکرا، ئیتر دەوڵەتی تورک لەبەرامبەر ئەو بڕیارەدا کاردانەوەی نیشان دا وباڵیۆزی خۆی لەو وڵاتە"نامیق تان" ی بانگهێشت کردەوە.

دەوڵەتی تورک ئەو هەڵوێستەی ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوینەرانی ئەمریکای بە خەمگینی داناو داخباری خۆی لەبەرانبەر دەربڕێ. هەروەها رایگەیاند کە:'نەتەوەی تورک تاوانێکی بەو شێوەیەی نەکردووە، بۆیە ئەو پیشنیار بڕیارە شەرمەزار دەکەین. لەو چوارچێوەیەدا نامیق تان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بڕیار بانگهێشتی وڵات کراوەتەوە'

لەبەرانبەر تورەیی تورکیادا، وتەبێژی کۆشکی سپی 'مایک هامر، هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەو هاوارد برێمەن سەرۆکی کۆمیسیۆن پەیوەندیەکانی دەرەوە' کۆبوونەوە، بە ئامانجی ئاڵۆزنەبوونی پەیوەندیەکان گفتوگۆیان کرد. چاودێران پێیانوایە گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیاو ئەمریکا رەوەندی دیکە لە خۆی دەگرێ، بەتایبەتیش تێکچوونی پەیوەندی تورکیاو ئیسرائیل کاریگەری زۆری هەیە.

**شەماڵ محەمەد**

# تاقیکردنەوەکەی کابینەی نوێی عێراق سەختتر دەبێ



ئەنجامە بەراییەکانی ئاکامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها لێدوانەکانی بەرپرسەکانی لیست و قەوارە براوەکان و حکومەتی ئێستای بەغداد جەخت لەسەر هاوپەیمانێتی نێوان لیستە براوەکان دەکەنەوە، چونکە هیچ دەرکەوتووە کە هیچ یەک لە لیستەکان ناتوانێ نیوەی کورسیەکان وەدەست بهێنێ. لەو کاتەشدا تەنیا رێی هاوپەیمانێتی لەنێوان لیستە براوەکاندا دەمێنێتەوە.

هەرچەندە کە پێشتر کابینەی حکومەتی عێراق بنکە فراوان بوو، ئیئتلافی شیعەو هاوپەیمانی کوردستانی و بەرەی تەوافقی سوننە پێکیان هێنابوو، بەڵام زیاتر حزبی دەعوە باڵادەست بوو. دواتریش هاوپەیمانێتی چوار قۆڵی لەنێوان حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی نوری مالکی، ئەنجوومەنی باڵا بەسەرۆکایەتی ئەلحەکیم، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار جەلال تاڵەبانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە سەرۆکایەتی رێزدار مەسعود بارزانی راگەیاندرابوو، ئێستا دوای دەرکەوتنی سەرەداوی ئەوەی کە لیستەکەی نوری مالکی پلەی یەکەمی مسۆگەرکردوە، لیستی ئەنجوومەنی باڵاش پلەی دووەم و هاوپەیمانی کوردستانیش لە پلەی چوارەمدا جێی گرتووە، ئیدی شیمانەی ئەوەی دەکرێ کە جارێکی دیکە هەرچوار لایەنەکە هاوپەیمانێتی چوار قۆڵی زیندوو بکەنەوەو کابینەی حکومەت پێکبهێنن.

پێکهێنانی کابینەی حکومەت لەبەردەم مەرج و داخوازی هەمووان دایە، هەموو لایەنەکان دەیانەوێ پشکی خۆیان مسۆگەر بکەن، بۆیە بە شیمانەی زۆرەوە، نوری مالکی یان ئەندامێکی باڵادەستی حزبی دەعوە بۆ سەرۆک وەزیران، سەرۆک تاڵەبانی بۆ سەرکۆمارو نێچیرڤان بارزانی بۆ جێگری سەرۆک وەزیران و یەکێک لە رێبەرانی ئەنجوومەنی باڵا بۆ پۆستی جێگری سەرکۆمار بەرئەندام بکرێنەوە، بەڵام کاندیدکردنی ئەو بەرێزانە هاوکاتە لەگەڵ چەندین مەرجی دیکەی وەک جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و رێدان بە حکومەتی هەریم لە خاوەندارێتی کردنی بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردستان.

هاوپەیمانێتی دەولەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالکی، هەروەها هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی بەسەرۆکایەتی عەممار ئەلحەکیم دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد ئەلعەلاوی بە سەخت دەبینن، چونکە هەردوو هاوپەیمانی یەکەم لەگەڵ ریشەکێشکردنی بەعس دان، بەڵام لیستی ئەلعێراقیەشە پشتیوانی لە ئەندامانی بەعس دەکات و بە مافی رەوا دەزانێ ئەوانیش بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بکەن بەبیانۆی ئەوەی کە سەردەمی سەدام کۆتابووەو هەموو عێراقییێکیش مافی ئەوەی هەیە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی وڵاتەکەیدا بکات!

راستیەکەی هەموو لیستە براوەکان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدان، هەرچی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا دەبێ خۆی بگونجێنێ و داخوازی هەموو لسیتەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێ، هەرچی هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراقیشە دەبێ هەوڵبدات کە زۆرترین دەستکەوت بۆ پارێزگاکانی باشوور، بەتایبەتیش بۆ شیعەکانی عێڕاق مسۆگەر بکات کە لەوانەیە باس لە پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی باشوور بکرێ، هەروەها هاوپەیمانی کوردستانیش وێڕای ئەوەی کە پۆستی سەرکۆمار و جێگری سەرۆکوەزیران وەردەگرێ، داوای پۆستی وەزارەتی دەرەوەو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و یەکلایی کردنەوەی کێشەی پێشمەرگەو خاوەندارێتی نەوت دەکات.راستیەکەی هاوپەیمانی کوردستانی لەبەردەم شەڕێکی سەختدایە، لەوانەیە لیستی گۆڕان کە ژمارەیەک کورسی هەیە، هاوڕایەتی لەگەڵدا نەکات و لەمەسەلە نەتەوەییەکاندا کێبەرکێ و گرانفرۆشی لەگەڵدا بکات.

**سیروان شوانی**

# عەرەبستانی سعودی ئاوات بە گەڕانەوەی عوسمانیەکان دەخوازێ

سەرانی عەرەبستانی سعودی پێیانوایە کە رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی تورکیا وەک سیاسەتمەدارێکی ئیسلامی لە ناوچەکەدا رۆڵی کاریگەر کایە کردوە، بەوهۆیەشەوە وەک کاراکتەرێکی لێهاتوو خۆی بەسەر رووداوەکانی ناوچەکەدا سەپاندوە، بەتایبەتیش لە کێشەی نێوان عەرەب- ئیسرائیل و کێشەی بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەوەش وا دەخوازێ کە دەوڵەتانی عەرەب و ئیسلام پشتیوانی لێبکەن.

لە هەفتەی رابردوو رەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نێودەوڵەتی مەلیک عەبدوڵا بۆ خزمەتی ئیسلام، گەیشتە عەرەبستانی سعودی و لە شاری ریازدا لە رێورەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا ئامادەبوو. لە ژێرپاساوی ئەوەی کە ئەردۆگان توانای بەرگری لە کێشەی ئوممەتی ئیسلام بەتایبەتیش کێشەی فەلەستیندا هەبووە، بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە پاڵێورابوو، بەوهۆیەشەوە بڕیاردرابوو کە خەڵاتەکە پێشکەش بە ئەردۆگان بکرێ!

خەڵاتەکە بریتیە لە دوو کیلۆگرام زێرو دوو سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی.



چاودێرانی سیاسی ناوخۆی سعودیەو وڵاتانی عەرەبی و جیهانیش پێیانوایە کە بە پێدانی ئەو خەڵاتە، سەرانی عەرەبستانی سعودی دەیانەوێ دەوڵەتی تورکیا لە کۆماری ئیسلامی ئێران دوورتر بخەنەوەو وای لێبکەن تا گوشاری دیکەی لەسەر دابنێ، چونکە بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەو چاودێرانە سەرانی عەرەبستانی سعودی زۆر لە بەرنامەی ناوەکی کۆمای ئیسلامی ئێران هەراسان و نیگەرانن، پێیانوایە کە ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی رابگات، ئیدی دەبێتە کوێخای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە لەو کاتەدا دەیانەوێ رۆڵ و کاریگەری تورکیا گەورەتر پێشان بدەن.

هەر لەو سەردانەیدا، تەیب رەجەب ئەردۆگان رامانی خۆی و وڵاتەکەی سەبارەت بە ئێران و سوریاو یەمەن و کێشەی فەلەستین بۆ شا عەبدوڵڵای عەرەبستانی سعودی روون کردۆتەوەو پێیڕاگەیاندوە کە لەسەنگەری عەرەب و ئیسلامدا تواناکانی خۆی دەکار دەکات و پشتیوانی لە کێشەی فەلەستیندا دەکات و هەوڵی ناوبژیوانی نێوان سوریاو ئیسرائیل دەدات و تواناکانی وڵاتەکەیشی تەرخان دەکات تا نەهێڵێ کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بە چەکی ناوەرکی رابگات. هەروەها لەبەردەم رۆژنامەواناندا رایگەیاند کە ئەوان وەک تەماشاکەر سەیری رووداوەکان ناکەن!

ئەردۆگان بەڵێنی بە عەرەب داوە کە دانوستاندنەکانی نێوان سوریاو ئیسرائیل زیندوو بکاتەوەو بە سەرکەوتنی بگەیەنێ، هەروەها هەوڵدەدات کە رێ لە سەپاندنی سزای دیکە بەسەر ئێراندا بگرێ، چونکە ئەو پێیوایە تا چەند سزا بەسەر ئێران بسەپێندرێ، هێندە کۆماری ئیسلامی ئێران پەلە لەوەدەست هێنانی چەکی ناوەکی دەکاتەوە.

ئەرۆگان لە عەرەبەکان زیاتر دەڕوات و داوا دەکات کە بزووتنەوەی حەماسیش بێتە ناو پرۆسەی دانوستاندنەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، ئەو لەبەردەم رۆژنامەنووساندا گوتی: نابێ وەکو نەعامە سەری خۆمان بخەینە ژێر گڵ، ئەوەتا بزووتنەوەی حەماس هەیەو بەهێزیشە، بۆیە دەبێ تواناکانمان بۆ ئەوە تەرخان بکەین تا ئەوانیش رابکێشینە ناو دانوستاندنەکانەوە!

لەلایەکی دیکەشەوە مەلیک عەبدوڵڵا راشکاوانە رایگەیاندوە کە حەز بە گەڕانەوەی رۆڵی عوسمانیەکان بۆ ناوچەکە دەکات، بەوهۆیەوە دەخوازێ کە تورکیا رۆڵی کاریگەر لەناوچەکەدا کایە بکا. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردوە کە دەست لەکاروباری وڵاتانی عەرەب وەردەدات، بۆیە پێویستە وڵاتانی عەرەب هاوکاری نێوانیان بەهێز بکەن و رێش بدەن کە رۆڵی تورکیا لە ناوچەکەدا کاراو بەهێزتر بکەن.

شا عەبدوڵڵا سەرنجی ئەردۆگانی راکێشاوە تا لە یەکێتی ئەورۆپا دووربکەوێتەوەو لەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا رۆڵی پێشەنگ و کارا ببینێ، هەروەها ئاماژەی بە سەردەمی عوسمانلی داوەو گوتویەتی رۆڵی تورکیا زۆر لە رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا زۆرترو کاریگەرترە بۆیە هیوای بە گەڕانەوەی عوسمانیەکان خواستوە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە رەفتاری ئەردۆگان لە دیداری داڤوسی ساڵی ٢٠٠٩ لەبەرانبەر شیمون پێریزی سەرۆکی ئیسرائیل دا، وایکرد کە جیهانی عەرەبیدا جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات.

چاودێران پێیانوایە کە وڵاتانی عەرەب زۆر لە ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی دەترسن، بۆیە هانا بۆ تورکیا دەبەن و خەون بە گەڕانەوەی عوسمانیەکان دەبینن.

**سەربەست کانەبی**